کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-4-2007 21:48

## کفری.. فیرجینیایە یان گوتنانامۆ ... قەندیل گەرمیانی

کفری.. ئەو شارەی هەردەم هێمای پێکەوە ژیان و بەرخودان وعاشقی پاکی وراستی بووە، تینوی ئازادی وبی باك بووە لەدژی ناحەزانی وشانازی بە کوردستانیەتی کردوە وسەرجەم نەتەوە وکلتورەکان پێشەنگ بونە لە بەخشینی گیانیان بە خاکەکەی بۆ ئەوەی سومبلی پێکەوە ژیانی نەتەوە وئاین وبیر ورا جیاوازەکان بێت، کەچی هەر لەگەڵ چوونە نیو کەژاوەی ئازادیەوە ڕۆژ بەدوای ڕوژ بەکارهێنانی خراپی دیموکراسی وئازادی باڵی دەکشێتە سەر ئەم شارە هەر لە پاش راپەرینەوە چەندان رەکابەری عەشرەتایەتی وبرا کوژی وحیزبایەتی هەنگاوەکانی ژیانی وپێش کەوتنی کفری پەك خستووە، لە گەڵ ئەوەی شارەکە کەوتبووە ژێر رەحمی تۆپی سوپای دیکتاتورە وبەمەش لە ئاوەدان کردنەوەی شارەکانی کوردستان هیچ پشکیکی دیار وئاشکرای تێدا بەدی نەکرا وهەتاکو ئیستا بە فەرمی کەس نازانێت سەر بە کام پارێزگایەکە، پاشان لە پروژەکانی بریاری 986 هەمان ڕەفتاری فەرامۆش کردنی لە گەڵدا کرا، وهەروەها پاش ڕوخاندنی دیکتاتۆر ئاوەدانکردنەوە کفری لە پاش هەموو شارەکانەوە دێت. کفری ئەو تاکە شارەیە کە لە پاش ڕاپەرینەوە هەتاکو ئیستا هەردوو سەرۆك کۆمار وسەرۆکی هەرێم سەردانیان نەکردوە وپشت گوی یان خستووە؟؟ وشتیکی شاراوە نیە کە لێپرساو وبەرپرسانی سەرجەم حیزبەکان کە خەڵکی کفرین لە پاش ڕاپەرین هیچ ڕولیکی ئەوتوو و دیار وبەرچاویان نیە لە بەرەو پێش بردنی سەرجەم بوارەکانی شارەکە وهەردەم بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە پێش بەرژەوەندی شارەکە بووە بۆیە ڕوڵیکی پوزەتیفیان نەبینیوە وهەردەم گیرفان وباخەڵی خۆیان لە پێش بەرژەوەندی شارەکە بووە!! بۆیە زۆربەیان تەنها بۆ میوانی دێن بۆ کفری وماڵ وخێزانیان لە شارە گەورەکانە!! وئەگەر بەراورد بکرین لەگەڵ بەرپرسانی خەڵکی شارەکانی دیکە چەند خەمخوری شارەکانی خۆیانن بەرپرسەکانی ئیمە بەزەرەبینیش دیار نین؟؟ بویە ئەگەر بەراوردی ئاستی خزمەت گوزاری شارەوانی کفری بکەین لەگەڵ شارەکانی دەوروبەری دەبینین لە هەمویان پا شکەوتووتر وپڕ زبڵ وتوز وژینگە پیستر، سەرەرای ئەمە ئەمروش لە ژێر خۆر هەتاوی بەناو تەکتول کفری کەوتوەتە نالەبارترین بار!

بەڵگەش ڕێز گرتن لە حکومەت وسەرجەم دامودەزگاکانی زۆر لە خوار مامناوەندیەوەیە لە لایەن خەڵکی شارەکە خۆیەوە؟؟ وهەروەها لەپاش ئەوەی بەدەستی خەڵکی خۆمان گوڕی خۆمان هەڵکەند، وبەهۆی تەکتولەوە لە بەڕێوبەری پولیس درا، ریز گرتن لە یاسا ناموو بووە وهەروەها (پولیس وئاسایش) ڕێز لەبڕیارەکانیان ناگیری بەڵگەش جاران ودەیان (بڕیاری گرتن) لە پۆلیس کەڵەکەی کردووە وکەس ناوێری سەرپێچی کەران بگری، جاران بەدەگمەن گوێی بیستی دەنگی تەقەیەك دەبوین کەچی ئیستا هەر بەخۆیان ئاربیجی دەتەقینن ومنداڵکانمان دەتوقینن، بۆیە ئەمڕو لەپاش ئەوەی تەعدا کردن بوو بە دیاردە لە شارەکەدا لەماوەی ڕابڕدوو لە ڕۆژنامە نووسێك درا ولەم هەفتەدا خوێندکارێك بەتەقە کردن هەڵیکوتایە سەر ئامادەیی فیدڕاڵ لە شارەکەدا وبار گرژیەکی نایەوە! کارەسات لەوەدایە یاسا دەشکێنری پاشان بە عەشایەری دەست ماچ دەکرێت ولە پاش ئەوەی کار لە کار دەترازی وداوای ئاشبونەوەی تێدا دەکری بۆیە دوور نیە لە ماوەیەکی ئیجگار نزیکدا کارساتێکی وەك ئەوەی فیرجینیا ڕوو نەدات وشارەکە بووە بە بی ساحیب ولە ساڵی 91 دەچی غەم وخەفەت لەوەدایە سەرپێچی کەران ویاسا شکێنەکان هەریەك پشتیان بە تەکتولیك هەڵواسیوە وبەکەیفی خۆیان سەرپێچی دەکەن وکەس ناوێری ناویان بهێنی بۆیە دەبی ئەو کەسانەی ڕوڵیان هەبوو بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەخزانی ئەم شارە بەرەو ئەم بارە نالەبارەی ئەمڕوی هەموو هەوڵی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی کفری بچێتەوە دۆخی جارانی وپشکی هەبی لە بەرەو پێش چوون، وهەموان بە ڕولی خۆیان هەڵسن چونکە گەر هەموان خۆیان لێبکەن بە کەڕ میللەت تاوانی چیە لەو جیاوازیەی نیوان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-4-2007 21:48

ئەوان، چونکە گەر تەکتول سوودی بە کومەڵیك هەبی وبۆ زۆرینە تەنها نائارمی ونا ئوقرەیی ودەنگی فیشەگ بێت دەبی تامی ئەو کورسیە چۆن بی!

وئەگەر کار بەدەستان وبەرپرسانی شارەکە توانای چارەسەر کردنیان نیە دەبی ڕایبگەینن وداوا لە هەموو خەڵکی شارەکە بکەن یارمەتیان بدەن بۆ ئەوەی دۆخەکە بگەڕیتەوە باری جارانی بۆ ئەوەی بەهەموان بتوانری پێشکەوتنی وئارامی شارەکە بکریتە تاکە ئامانج، چونکە هەتاکو ئیستا ئاوەدان کردنەوە وشارستانی کردنی کفری لە هەنگاوی سەرەتایی دایە وقوناغیکی دڵخوشکەر نەنراوە ودەبی تەکەتول لە خزمەت کردنی شارەکە بێت وهەموان رەکابەری خزمەت پرۆژەکردن بکەن بە ئامانج وشارەکە لە مە زیاتر پەراوێز وفەراموشتر نەکری وکفری نەبیتە گونتانامۆ

بێگومانیش کە بەراوردی فیرجینیا بە کفری دەکەم مەبەستم ئەو دیاردە قیزەون ونەوازەی لەم هەفتەدا ڕویدا لە یەکێك لە زانکۆ کانی وقەت مەبەست ئەو سروشتە جوانە وجادە پانەکانی وبینا مودیرنەکانی نیە چونکە ئەوە خەونێکە وباوەڕ ناکەم لە سەد ساڵی داهاتوش بۆ کفری بێتە دی، وکاتێك دەڵێم گونتانامۆ لە هەموو ناخمەوە دەیڵیم چونکە لە سایەی حکومەتی هەرێم کفری بەندیخانەیەکی کراوەیە وتەنها ئەوەندەی تێدایە کە داپڵوسین وئەشکەنجەدانی جەستەیەی تێدا نیە بەڵام داپڵوسینیکی دەرونی بی سنوری تیدایە، گەنجانی لە نێو بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێنەوە ولەناوشاردا نە پارکێك نە باخچەیەك نەشوێنیکی گشتی هەیە تیدا بحەوێنەوە، ئەگەر کاربەدەستانی ئێمە هاوشێوەی ئەوانەی ئەوروپا ویابان بونایە حەوت زەمانە خۆیان کوشبوو بەڵام مەخابن لە لای کورد کورسی زۆر ئازیزە بۆیە کفری دەکەن بە قوربانی کورسیەکانیان!

وهەروەها ویژدان وغیرەت بووە بە عەیبە ونەنگی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.